Australian Government
Department of Home Affairs

# Health undertaking
# ئازمایشی تەندروستی

Form
**815 KURS**
KURDISH (SORANI)

گرنگ – تکایە پێش ئەوەی فۆرمەکەی ئازمایشی تەندروستی پڕبکەیتەوە ئەوا بە وردی ئەم زانیارییانە بخوێنەوە. دوای ئەوەی فۆرمەکەت پڕکردەوە واچاکە کۆپییەک لە فۆرمە پڕکراوەکە لای خۆت هەڵبگریت.

## کێ لەسەریەتی فۆرمی ئازمایشی تەندروستی ئیمزا بکات؟

ئەو کەسانە داوای ئازمایشی تەندروستییان لێدەکرێت کە ئەنجامی ئازمایشە تەندروستییەکانیان ئەوە نیشانبدن کە کەسەکە ڕووبەڕووی میکرۆبی نەخۆشی سیل (tuberculosis) یان حالەتێکی نەخۆشی دیکە بووبێتەوە کە لەوانەیە جێگەی نیگەرانی بێت.

## ئازمایشی تەندروستی بۆ چییە؟

سیل (tuberculosis) نەخۆشییەکی درمیی (لەیەکگرەوەی) ترسناکەو جێگای نیگەرانی خەڵکە لە ئوستڕالیا. سیل دەکرێت چارەسەربکرێت و مەبەستیش لەم ئازمایشە تەندروستییە هەوڵدانە بۆ چارەسەرکردن و دڵنیابوون لە تەندروستی ئەو کەسانەی کە ترسی ئەوەیان لەسەرە کە میکرۆبی سیلی بەچالاکی لە لەشیاندا هەبێت تاوەکو چاودێریی تەندروستی پێویست و پشتیوانیان لێرە لە ئوستڕالیا لێبکرێت.

لە کاتی ئەزمایش-هەڵسەنگاندن دا، دکتۆرەکانمان پێیان وابووە کە تۆ نەخۆشی (سیل) ی نیە. سەرەڕای ئەمەش، فاکتەری ریسکی تاکە کەسی بەم واتایەیە کە هەندێ کەس ئەبێ بەدواچوونیان بۆ بکرێ لە ئەستڕالیا تا دڵنیا بن لەوەی  نەخۆشی یەکەیان تەشەنە ناکات.

لەوانەشە داوات لێ کرابێت ئازمایشی تەندروستی ئەنجام بدەیت لەبەر بوونی حاڵاتی وەک هەوکردنی جگەر و گەڕی و ئایدز Hepatitis B, Hepatitis C, HIV یان Leprosy.

ئازمایشی تەندروستی ڕێکەوتنێکە لەگەڵ حکومەتی ئوسترالی، بەپێی ڕێکەوتنەکەش تۆ دەبێت مەوعیدێک لە کلینیکێک تەندروستی ڕێگەپێدراو وەربگریت تا لەوێدا هەڵسەنگاندن و ئازمایشی تەندروستیت بۆ ئەنجام بدەن. بە ئیمزاکردنی فۆرمی ئازمایشی تەندروستی تۆ ڕەزامەندی دەدەیت لەسەر وەرگرتنی هەر چارەسەرییەک یان تاقیکردنەوەیەک کە کلینیکە تەندروستییەکە بە چاکی بزانێت بۆ تۆ.

## ئایا ئێستا دەبێت من چی بکەم؟

ئەگەر تۆ بە مەرجەکانی ئازمایشی تەندروستی رازی بیت، ئەوا دەبێت فۆرمەکەی ئازمایشی تەندروستی ئیمزا بکەیت و بینێریتەوە بۆ وەزارەتی Home Affairs (وەزارەتی کاروباری ناوخۆ (وەزارەت)) بۆ ئەو نوسینگەیەی کە مامەڵەی ڤیزەکەت جێبەجێدەکات.

ئەگەر داخوازیکار تەمەنی لە ١٦ ساڵ کەمتر بوو دەبێت دایک، باوک، یان چاودێریکەرەکەی فۆرمی 815 پڕبکاتەوەو ئیمزای بکات.

دوای پڕکردنەوە کۆپییەک لە فۆرمەکەت پێدەدرێت. تکایە کۆپی فۆرمەکە لای خۆت هەڵگرە چونکە لە دوای گەیشتنت بە ئوستڕالیا و لەکاتی سەردانی خزمەتگوزاریی ئازمایشی تەندروستی (HUS) دەبێت کۆپییەکەی خۆتیان نیشان بدەیت.

## ئەگەر لە دەرەوەی ئوستڕالیا داخوازیم پێشکەشکردبێت، لە دوای وەرگرتنی ڤیزا و گەیشتنم بە ئوستڕالیا چی ڕوودەدات؟

حکومەتی ئوستڕالیا **بەخۆڕایی** ئازمایش و تاقیکردنەوەی تەندروستیت بۆ ئەنجامدەدات، ئەمەش بۆ کەمکردنەوەی ترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی سیل لەنێو ئەندامانی خێزانەکەت و برادەرەکانت و کۆمەڵگەکەت. ئەگەر دکتۆرەکەت پێی وابوو کە پێویستت بە چارەسەرکردن هەیە ئەوە هەر خۆی کاری پێویستت بۆ ئەنجامدەدات.

**تێبینی:** لە بەرژەوەندی خۆتە کە دوای گەیشتنت بە ئوستڕالیا یەکسەر مەوعیدێک وەربگریت بۆ ئازمایش.

### ئەگەر تاقیکردنەوەی تەندروستیت لەمەڕ ئەم داخوازییە لە دەرەوەی ئوستڕالیا ئەنجامدابێت

تۆ لەدوای گەیشتنت بە ئوستڕالیا پێویستە لەسەرت کە پەیوەندی بکەیت بە خزمەتگوزاریی ئازمایشی تەندروستی (HUS). تۆ دەبێت لە ٤ حەفتەی یەکەم لە گەیشتنت بە ئوستڕالیا مەوعیدێک (کاتێک) لەگەڵ HUS وەربگریت. بۆ زانیاری دەربارەی چۆنییەتی پەیوەندیکردن بە HUS ئەوە دەتوانی سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکەیت
**https://immi.homeaffairs.gov.au/help-support/meeting-our-requirements/health/health-undertaking**

### ئەگەر تاقیکردنەوەی تەندروستیت لەمەڕ ئەم داخوازییە لە ناو ئوستڕالیا ئەنجامدابێت

ئەگەر لە ئوستڕالیا ڤیزاکەت پێدرابێت، ئەوا بەشێوەیەکی گشتی بەرلەوە نێردراویت بۆ نۆرینگەی تەندروستی ئوستڕالیایی، بەڵام، هەر دەبێت زانیاری وردی خۆت لەلای HUS تۆمار بکەیت لە ماوەی ٤ هەفتە لەدوای ئەوەی ڤیزاکەت پێدرا. بۆ زانیاری لەسەر ئەوەی چۆن پەیوەندی بکەیت بە HUS بڕوانە
**https://immi.homeaffairs.gov.au/help-support/meeting-our-requirements/health/health-undertaking**

## ئایا چی ڕوودەدات ئەگەر حالەتی تەندروستیم گۆڕانکاری بەسەرداهات؟

ئەگەر حالەتی تەندروستیت گۆڕانکاری بەسەرداهات، ئەوا ڤیزەکەت ترسی لەسەر نیە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە تۆ سەردانی بەرپرسانی تەندروستی پەیوەندار بکەیت تاوەکو مەرجەکانی ئازمایشی تەندروستیت لەسەر جێ بەجێ بکرێت.

## بۆ دەبێت من بچم بۆ کلینیکی تەندروستی؟

لە ڕاستیدا ئەوە لە بەرژەوەندی خۆتدایە کە پێداویستییەکانی ئازمایشە تەندروستییەکان جێبەجێبکەیت. هاوکاری تۆ لە پرسی ئازمایشە تەندروستییەکان زۆر گرنگە لە یارمەتیدانی حکومەتی ئوسترالی لە پاراستنی خۆت و ئەندامانی خێزانەکەت و کۆمەڵگەی ئوسترالیی.

## زانیاری گرنگ لەسەر نهێنیپارێزیی

لە کارنامەی نهێنیپارێزیی ١٩٨٨ *(Privacy Act 1988)*. دا ١٣ پرنسیپی تایبەتمەندی ئوسترالیا هەیە کە رێکخەری شێوازی وەزارەتە بۆ  بەکارهێنانی زانیارییە شەخسییەکانی تۆ. زانیاری لە سەر کۆکردنەوەو بەکارهێنانو تێپەڕاندنی زانیارییەکانی تۆ بۆ کاروباری گرنگ هەیە لە فۆرمی *Privacy notice* 1442i (تێبینی نهێنیپارێزیی) . بۆ زانینی زیاتر لە سەر زانیاری  گشتی چۆن وەزارەت کارەکانی ئەنجام ئەدا بە (فۆرمی 1442i) ەشەوە لە ماڵپەڕی وەزارەت تایبەت بە  بەرنامەی نهێنیپارێزی لە خوارەوە دەستدەکەوێت
**https://www.homeaffairs.gov.au/access-and-accountability/our-commitments/privacy**

**تکایە ئەم لاپەڕەیە وەک سەرچاوە لای خۆت بپارێزە**


© COMMONWEALTH OF AUSTRALIA, 2022

ئەم لاپەڕەیە بە ئانقەست بە بەتاڵی جێهێڵدراوە

Australian Government
Department of Home Affairs

# Health undertaking
# ئازمایشی تەندروستی

Form
815 KURS
KURDISH (SORANI)

**Office use only**

| | |
|---|---|
| HAP ID | |
| ICSE Client ID | |

Please read the information about your health undertaking on page 1 of this form.

Please use a pen, and write neatly in English using BLOCK LETTERS.

Tick where applicable ✓

تکایە زانیاری لەسەر ئازمایشە تەندروستیەکانی تۆ لە لاپەڕە ١ بخوێنەوە.

تکایە بە بەکارهێنانی قەڵەمێکی سۆفت (مەرەکەب) بە خەتێکی جوان و بە پیتی کەپیتاڵ وبە ئینگلیزی فۆرمەکە پڕبکەوە.

نیشانەی ڕاست لێدە ✓

## *Your details*
## زانیاری دەرباری تۆ

**1** Your full name
ناوی تەواو

Family name
نازناوت

Given names
ناوی خۆت

**2** Date of birth
ڕێکەوتی لە دایکبوون

YEAR سالّ / MONTH مانگ / DAY ڕۆژ

**3** Do you have a passport?
ئایا پاسپۆرتت هەیە؟

No
نەخێر

Yes ► Give details
بەڵێ ► زانیاری زیاتر بنوسە

Passport number
ژمارەی پاسپۆرت

Country of passport
وڵاتی پاسپۆرت

Date of issue
ڕێکەوتی دەرچوون

YEAR سالّ / MONTH مانگ / DAY ڕۆژ

Date of expiry
ڕێکەوتی بەسەرچوون

Issuing authority/ Place of issue as shown in your passport
دەسەڵاتی دەرکردن / شوێنی دەرچوونی وەک لە پاسپۆرتەکەدا هاتووە

**Note**: Most visa applicants will be required to hold a valid passport before they can be granted a visa. It is strongly recommended that the passport be valid for at least 6 months.

If you change your passport after you have been granted a visa you must notify the nearest Australian Visa Office or office of the Department.

**WARNING**: You will not be granted a visa without this information

**تێبینی:** زۆربەی ئەوانەی داخوازی ڤیزە پێشکەشدەکەن چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرێت کە هەڵگری پاسپۆرتێکی ماوە بەسەرنەچوو بن پێشئەوەی ڤیزەیان پێبدرێت. چاکترە کە پاسپۆرتەکە لانیکەم ٦ مانگی مابێت لە پێش بەسەرچوونی.

ئەگەر دوای وەرگرتنی ڤیزەکەت پاسپۆرتەکەت گۆڕی ئەوا دەبێت بەزووترین کات پەیوەندی بە نزیکترین نوسینگەی ڤیزەی ئوسترالیی یان نوسینگەیەکی وەزارەتی کۆچو ناسنامە بکەیت.

**ئاگادارکردنەوە:** بەبێ بوونی ئەم زانیارییانە ناکرێت ڤیزەت پێبدرێت.


© COMMONWEALTH OF AUSTRALIA, 2022

**4** Do you require an interpreter?
ئایا پێویستت هەیە بە وەرگێڕی زارەکی؟

No
نەخێر ☐

Yes
بەڵێ ☐ ◀ Preferred language
زمانی پەسەندکراو

**5** Contact details in Australia

**Note**: Give full residential address, including postcode and telephone number where possible. If you do not know what your address in Australia will be, you must give the name and address of a person in Australia who will know how to contact you (for example, a relative, a friend, your employer or a staff member at your proposed study institution).

ناونیشانت لە ئوسترالیا

**تێبینی:** ناونیشانی تەواوی شوێنی نیشتەجێبوونت لە ئوسترالیا بە ئێمە بدە، بە نوسینی پۆست کۆد و ژمارەی تەلەفۆن ئەگەر دەستدەکەوێت. ئەگەر نازانیت ناونیشانت لە ئوسترالیا چ دەبێت، ئەوا دەبێت ناو و ناونیشانی کەسێک لە ئوسترالیا بنوسیت کە بزانێت و بتوانێت دوای گەیشتنی تۆ پەیوەندیت پێوەبکات (بۆنمونە، خزمێک، برادەرێک، خاوەنکارەکەت، یان فەرمانبەرێک لەو زانکۆیەی کە دەتەوێت لێی بخوێنیت).

Address
ناونیشان

POSTCODE
پۆست کۆد

Telephone numbers
ژمارەی تەلەفۆنەکان

Office hours
کاتەکانی دەوام
AREA CODE
(کۆدی ناوچەکە )

After hours
دوای کاتی دەوام
AREA CODE
(کۆدی ناوچەکە )

Mobile
مۆبایل

**6** Do you agree to the Department communicating with you by fax, email, or other electronic means?
ئایا تۆ رازیت کە وەزارەت لە ڕێگەی فاکس، ئیمەیل یان هۆکارە ئەلکترۆنییەکانی دیکە پەیوەندی بە تۆوە بکات؟

No
نەخێر ☐

Yes
بەڵێ ☐ ◀ Give details
زانیاری زیاتر بنوسە

Fax number
ژمارەی فاکس
AREA CODE
(کۆدی ناوچەکە )

Email address
ئیمەیل

**7** Intended duration of stay in Australia
نیازی مانەوەت لە ئوستراليا چەند و چۆنە؟

☐ permanent
بە هەمیشەیی

☐ temporary
بە کاتیی
◀ Indicate length of stay in Australia
درێژی ماوەی مانەوەت لە ئوستراليا دیاریبکە

months
چەند مانگ ☐

weeks
چەند هەفتە ☐

days
چەند ڕۆژ ☐

**8** Do you plan to travel outside of Australia in the next 6 months?
ئایا پلانت هەیە بۆ گەشتکردن بۆ دەرەوەی ئوستراليا لە ٦ مانگی داهاتوودا؟

No
نەخێر ☐

Yes
بەڵێ ☐ ◀ Details of travel
زانیاری وردی گەشت

© COMMONWEALTH OF AUSTRALIA, 2022

# *Client undertaking*

## ئەوەی دەکەوێتە ئەستۆت

**WARNING**: Giving false or misleading information is a serious offence.

**9** I undertake the following:

- (for applicants outside Australia) to contact the Health Undertaking Service within 4 weeks of my arrival in Australia;
- (for applicants in Australia) to contact the Health Undertaking Service within 4 weeks of my visa being granted;
- to report to the health clinic to which I am referred;
- to place myself under the health clinic's professional supervision and to undergo any required course of treatment, chest x-ray examination or investigation;
- to inform that health clinic each time I change my address in Australia throughout the period during which my health is being monitored;
- to inform that health clinic whenever I am about to leave Australia and to report upon my return, throughout the period during which my health is being monitored; and
- (for applicants outside Australia) to inform the Australian Visa Office where I lodged my application if, before my departure, I change my contact details.

**Note**: If you are an applicant under 16 years of age then a parent or guardian should sign this form.

**ئاگادارکردنەوە:** نوسین و پێدانی زانیاری هەڵە یان بە هەڵەدابەر خەتەرە

من ئەوانەی خوارەوە دەخەمە ئەستۆم:

- (بۆ داخوازیکەرانی ناو ئوستراليا) پەیوەندی بکەم خزمەتگوزاری ئازمایشی تەندروستی لە میانی ٤ هەفتەی یەکەم لە گەیشتنم بە ئوستراليا،
- (بۆ داواکاران لە ئوستراليا) بۆ پەیوەندیکردن بە خزمەتگوزاری گرتنەئەستۆی تەندروستی لە ماوەی ٤ هەفتەدا دوای پێدانی ڤیزاکەم؛
- پەیوەندی بەو کلینیکی تەندروستییەوە بکەم کە بۆم دیاریکراوە،
- خۆم بخەمە ژێر چاودێری پرۆفیشناڵانەی کلینیکە تەندروستییەکە و ئەو چارەسەرو داودەرمانانە وەرگرم کە بۆم دیاریدەکرێت،
- بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە تەندروستیم لەژێر چاودێریدایە هەرکاتێک ناونیشانی خۆم لە ئوستراليا گۆڕی ئەو دەبێت کلینیکە تەندروستییەکە ئاگاداربکەمەوە،
- بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە تەندروستیم لەژێر چاودێریدایە هەرکاتێک ویستم ئوستراليا بەجێبێڵم ئەوا دەبێت کلینیکە تەندروستییەکە ئاگاداربکەمەوە و لە دوای گەڕانەوەشم دیسان یەکسەر ئاگاداریان بکەمەوە، هەروەها
- (بۆ داخوازیکەرانی دەرەوەی ئوستراليا) دەبێت ئەو نوسینگەیەی ڤیزای ئوسترالی کە داخوازییەکەم لێی پێشکەشکرد، ئاگاداربکەمەوە ئەگەر، بەر لە هاتنم دا ، زانیاری سەر پەیوەندی پێ کردنم گۆڕاون.

**تێبینی:** ئەگەر داخوازیکار تەمەنی لە ١٦ ساڵ کەمتر بوو ئەوا دایک، باوک یان چاودێریکەرەکەی دەبێت ئەم فۆرمە پڕبکاتەوەو ئیمزای بکات.

**Your signature**

**ئیمزای تۆ**

Date

ڕێکەوت

| YEAR<br>ساڵ | MONTH<br>مانگ | DAY<br>ڕۆژ |
|---|---|---|
| | / | / |

*If signing on behalf of a child under 16 years of age –*
Name of parent or guardian

ئەگەر تۆ لە جیاتی منداڵێکی تەمەن لە ١٦ ساڵ کەمتر ئیمزا دەکەیت - ناوی دایک یان باب یان چاودێریکەر

Relationship to child

پەیوەندیت بە منداڵەکەوە

# *Consent for release of health information*

## ڕەزامەندی لەسەر بڵاوکردنەوەی زانیاری تەندروستی

**10** As a part of the health undertaking the Department and state and territory health authorities and the relevant health clinic need to release health information to each other. Information will only be released if it relates to the visa and will be strictly guided by the *Privacy Act 1988.*

I consent to the Department disclosing my personal information to state and territory health authorities and the relevant health clinic for the purpose of monitoring this health undertaking.

I consent to authorise the state and territory health authorities and the relevant health clinic to disclose to the Department:

- the result of the health examination that I will attend; and
- information about any follow-up treatment required.

**Note**: If you are an applicant under 16 years of age then a parent or guardian should sign this form.

وەک بەشێک لە ئازمایشی تەندروستی جارجار واپێویستدەکات بەرپرسانی تەندروستی لە هەرێمەکان (state) و ناوچەکان (territory) هەروەها کلینیکە تەندروستییە پەیوەندارەکان زانیارییە پزیشکییەکان لەنێوان خۆیاندا بگۆڕنەوە. لایەنەکان تەنیا ئەو زانیارییانە بۆ یەکدی ڕەوانەدەکەن کە پەیوەندییان بە پرۆسەی ڤیزەکەتەوە هەیە، گۆڕینەوەی زانیارییەکانیش بەپێی ڕێنماییەکانی کارنامەی تایبەتمەندیی ١٩٨٨ *(Privacy Act 1988)* ڕێکدەخرێت.

من ڕازیم کە وەزارەتی کۆچ و ناسنامە زانیارییە کەسییەکانی من بنێرێت بۆ بەرپرسانی تەندروستی لە هەرێمەکان (state) و ناوچەکان (territory) و کلینیکە تەندروستییە پەیوەندارەکانی دیکە بە مەبەستی چاودێریکردنی ئەم ئازمایشە تەندروستییە.

من ڕازیم کە بەرپرسانی تەندروستی لە هەرێمەکان (state) و ناوچەکان (territory) و کلینیکە تەندروستییە پەیوەندارەکانی دیکە ئەم زانیارییانە بدەن بە وەزارەتی کۆچ و ناسنامە:

- ئەنجامی تاقیکردنەوە تەندروستییەکان کە بۆ من ئەنجامدراون، هەروەها
- زانیاری دەربارەی هەر بەدواداچوونێک و چارەسەرییەک کە پێویست بکات.

**تێبینی:** ئەگەر تۆ داخوازیکەرێکی تەمەن لە ١٦ ساڵ کەمتری ئەوا دایکت، باوکت یان چاودێریکەرەکەت دەبێت ئەم فۆرمە پڕبکاتەوەو ئیمزای بکات.

**Your signature**

**ئیمزای تۆ**

Date

ڕێکەوت

| YEAR<br>ساڵ | MONTH<br>مانگ | DAY<br>ڕۆژ |
|---|---|---|
| | / | / |

*If signing on behalf of a child under 16 years of age –*
Name of parent or guardian

ئەگەر تۆ لە جیاتی منداڵێکی تەمەن لە ١٦ ساڵ کەمتر ئیمزا دەکەیت - ناوی دایک یان باب یان چاودێریکەر

Relationship to child

پەیوەندیت بە منداڵەکەوە

**You should keep a copy of your signed health undertaking.**

**ئێمە پێشنیازی ئەوە دەکەین کە تۆ کۆپییەک لە ئازمایشە تەندروستییەکان لای خۆت هەڵبگریت.**


© COMMONWEALTH OF AUSTRALIA, 2022